**Bekas Qadir**

٢٨ د ·

بۆ یەکەمجار لە کوردستان بڵاو دەکرێتەوە
ژمارە 12ی ئاڵای ئازادی بە زمانی ڕووسی " زناميا سڤەبۆدی"
بێکەس قادر
)ئاڵای ئازادی
الراية الحرية
Знамя Свободы )
ئاڵای ئازادی ؛ ئۆرگانی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ژمارەی یەکەمی لە ئاداری ساڵی 1986 بە زمانی کوردی لە ناوچە ئازادکراوەکانی سەردەمی شۆڕش و پێشمەرگایەتی لە کوردستان بڵاوکراوەتەوە. هاوکات لە دەرەوەی کوردستان لە وڵاتی سوریا لە شام (ملحق راية الحرية)، بە زمانی عەرەبی و لە یەکێتیی سۆڤیەت-ڕووسیا- لە مۆسکۆ (Знамя Свободы) زناميا سڤەبۆدی، بە زمانی ڕووسی بڵاودەکرایەوە.
ئەرشیفی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بەشە سەرەکیەکەی لەلایەک بەهۆی پەلامار و هێرشی عەسکەری ڕژێمی بەعس لە قۆناخی ئەنفالی بادیناندا لەناو چوو، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی خەمسارديەوە هەر سێ بەشەکەی ئاڵای ئازادی لە ساڵانی دوای ڕاپەڕین، وەکوو پێویست کۆ نەکراوەتەوە و ئێستا هەمووی بەردەست نییە.
دیارە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی بە سێ زمانی جیاواز و لە سێ جێگەی جیاواز، لەو ڕۆژگارەدا هەروا کارێکی ئاسان نەبووە، ئاڵای ئازادی پێگەیەکی پرشنگداری هەیە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە قۆناخی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان دا.
ئاڵای ئازادی بە زمانی ڕووسی (Знамя Свободы ) زناميا سڤەبۆدی لە مۆسکۆ (13) ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، کە گرینگترین بابەتەکانی ئاڵای ئازادی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە خۆگرتووە، لەلایەن کاک دکتۆر تەها ڕەسووڵ -کە ئەو کاتە لە مۆسکۆ خوێندکار بووە- ئامادە و سەرپەرشتی کراوە و بە هاوکاری دۆستێکی ڕووسی بەناوی لینا سیفۆنینا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
لێرەدا ژمارە 12 ئاڵای ئازادی بە زمانی ڕووسی(Знамя Свободы) کە لە مانگی ئایاری ساڵی 1989دەرچووە، بۆ یەکەمجار لە کوردستان دەخەینە بەر دیدەی خوێنەران و ڕۆژنامەنووسان، کە لە 15 لاپەڕەی A4 دا، چاپکراوە.
لە ڕووپەڕی پێشەوەدا، لە سەرەوە بە زمانەکانی عەرەبی، کوردی و ڕووسی ئاڵای ئازادی نووسراوە، لەلای چەپیشەوە لۆگۆی ئەوسای حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان هەیە. لەژێر ئەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ڕووسی نووسراوە: بڵاوکراوەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان - عێراق.
هەر لەو ڕووپەڕەدا، ناونیشانی بابەتەکانی ئەم ژمارەیە، بەو شێوەیەی خوارەوە هاتووە:
-سەروتار، جەژنی یەکی ئایار..... لاپەڕە 1.
-یادی یەکەمین کۆنفرانسی حیزبەکەمان..... لاپەڕە 4.
-بڕیارەکانی ڕاگواستنی ئەم دواییە ئەلقەیەکە لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و فاشستی..... لاپەڕە 8.
-لە بیرەوەری 15 ساڵەی کارەساتی قەڵادزێ.... لاپەڕە 10.
-ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ دەربارەی ئەشکەنجەدانی منداڵان لە لەلایەن ڕژێمی عێراق .12.....

-تاوانێکی نوێ لە دژی گەلی کوردمان .....لاپەڕە 13.
-کۆچی دوایی خەباتکار ئازاد مستەفا..... لاپەڕە 14.
-بە داخەوە ئەم ژمارەیە لاپەڕە 15ی کەمە و بەردەست نییە.
چەند تێبینیەکی پێویست:
.1ژمارە 12 ی ئاڵای ئازادی بە زمانی ڕووسی لە ئەرشیفی کاک دکتۆر جەمشید حەیدەری پارێزراوە و بە سوپاس و پێزانینی زۆرەوە لە بەڕێزیان وەرگیراوە.
.2وەرگێڕانی ناونیشانی بابەتەکان بە هاوکاریی کاک دکتۆر جەمشید کراوە و لەگەڵ ژمارە عەرەبیەکە بەراورد کراوەتەوە.
.3زانیاری لەبارەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە بە زمانی ڕووسی لە مۆسکۆ، لە خودی کاک دکتۆر تەها ڕەسووڵ وەرگیراوە.
.4لێرەدا کۆپی ژمارە 12ی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی بە زمانی ڕووسی، جگە لە لاپەڕەی 15، لەگەڵ وێنەی لاپەڕەی یەکەمی هەمان ژمارە بە زمانی عەرەبی، بڵاو دەکەینەوە.